# فرەشوناسی و مەترسی گەمەسیاسیەکان لەکەرکوك

محمد حسین
Mihamad_79@yahoo.com

یاری کردن بەشوناسە ئەتنیکیەکان یاریەکی مەترسی دارو ئاڵۆزە , هەم ئەو دەستانەی یاری بەشوناسەکە ئەکەن وهەم ئەوانەیش یاری بەشوناسیان ئەکرێت کۆمەڵێك هاوکێشەیان لێ دروست ئەبێت کەزۆر جار لە پێدراوە سیاسیە جێگیرەکان جدی تر ئەچنە ناو گۆڕانکاریە کانەوە بەتایبەتی بۆئەو دەوڵەتانەی پێکهاتێکی فرەئیتنیکیان هەیە . پەیوەندی نێوان ئیتنیکەکان لە هەموو مۆدێلەکانی دەوڵەتی ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا بەجۆرێك بووە ئەو ئیتنیکانەی لەهەرەمی دەسلاٌتدا بوون بەئاگرو ئاسن جیاوازیەکانیان سەرکوت کردووە و بەزۆر ئیجماعێکی نیشتمانی ساختەیان پێکهێناوە کەهەمیشە ئامادەبووە لەچرکەساتی گونجاوی خۆیدا هەرەس بهێنێت . یان واقعی فرە ئیتنیکیان لێ کراوەتە بۆمبێکی قورمیش کراو بۆئەو دەستە دەرەکیانەی کەویستویانە دەست بخەنە کارو باری ئەو ولاٌتانەوە و وەك خاڵی لاوازییان هەمیشە بەخرا پی بەکار هێنراوە , لەکاتێکدا هەموو ئەو دەرکەوتە خرا پانەی فرە ئیتنیکی دەکرا بە پێچەوانەوە بکرێتە خاڵی بەهێزبوون گەر بهاتایە وەك ولاٌتە دیموکراتیەکان لەسەر بنەمای مافی هاوولاٌتی بون و ڕێکەوتنی سیاسی چارەسەر بکرایە , ئەبینین دواکەوتوی عەقڵی سیاسی ئەم ولاٌتانە خۆیانە کەفرەئیتنیکیان لەخۆیان کردۆتە کێشەیەکی بێ چارەو هەمیشە وێران بونی توانا ئابوری ومرۆییەکانیان لێچنیوەتەوە , دەوڵەتی عیراق نمونەی زەقی ئەم کێشەیە , نمونەی خراپ ترین و دۆڕاو ترین و دواکەوتو ترین چارەسەری سەرکوت کاریشی هەبوە , ئەوەتا ئەمڕۆ ئەبینین چەندە ئەو سیاسەتە هەلاٌنە زامی جیاوازیەکانی قوڵتر کردۆتەوە .

دیارە وەك چۆن سیاسەتی سەرکوت کردن هەڵەیە مەرج نیە هەموو جارێك شوناسە ئیتنیکیەکانیش بەدروستی کرابێتە دۆزێك وبەکارهێنرابێت . لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردودا سونەکانی لوبنان هەم فەڵەستینیەکان و هەم دەوڵەتی سوریاشان هێنایە شەڕی ئیتنیکە کانی تری لوبنانەوە , بەوەیش هەموو ئەو ڕێکەوتنەیان هەڵوەشاندەوە کە پێشتر لەگەڵ مارۆنیو دروزی .... هتد دەوڵەتی نیشتمانی لوبنانیان لێ پێك هێنابوو . ئەو دەستەی لەهەشتاکاندا سوریا ئەیخستەناو کێشە ناوخۆییەکانی لبنانەوە زۆر لەو دەستەی ئەمڕۆی تورکیا ئەچێت کە ئەیەوێت بیهێنێتە ناو هاوکێشەکانی عیراق وکوردستانەوە , دیارە بەلەبەر چاو گرتنی ئەو جیاوازیەی بارو دۆخی هاوکێشەکانی ئەو کات لەگەڵ ئەمڕۆدا هەیەتی .

تورکمانەکانی کوردستان لەڕوی زمان و زۆریشیان لەڕوی ئاینزاوە جیاوازن لەکورد , هەریەك لەم جیاوازیانەش بەسە بۆئەوەی بیکەنە بنەمایەك و شوناسی جیاوازی تایبەتی خۆیانی لێ پێك بهێنن , ئەگەرچی مێژوویەکی پێکەوەژیانیش لەشارێك وگەڕەکێکدا لەگەڵ کوردا کۆیان بکاتەوە . دوای ڕوخانی بەعس بەرەی تورکمانی کەوتە یاری کردن بەشوناسی تورکمانەکان و تورکمان بونی کردە کۆسپێك بەرامبەر ئەو داوانەی کەدەیان ساڵە کورد لەکەرکوکا هەیەتی . بێ هیچ شەرعیەتێکی هەڵبژاردن خۆیان کردە نوێنەری تورکمانەکانی عیراق و ئەوەی بۆئەوە بشێت بکرێتە خاڵی پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیانی برایانە لەگوتاری ئەم هێزەدا نەبوو . دیارە پەیوەندیە گومان لێکراوەکانی ئەم بەرەیە بەدەوڵەتی تورکیاوە چاوەڕێی شتی لەوە باشتری لێ نەئەکرا بەرامبەر کورد , ئەوەی دەکرێت بخریتە ژێر پرسیارەوە سیاسەتی کوردە بەرامبەر نەخشەو پلانەکانی بەرە , ئایا ئەکرا کورد لەوەباشتر بکات کەتائێستا بەرامبەر بەم هێزە کردویەتی , یان ئیتر پێکەوە ژیانی کورد و تورکمان هەربەو جۆرە ئەبێت کەئەم هێزە ئەیخوازن وئیتر هەمووشتێك لە پەیوەندی کوردوتورکمان جێ بهێڵرێت بۆئەوەی ئەم هێزە فۆرمی تایبەتی خۆیانی پێ ببەخشن . بێ ڕەچاوکردنی ئەو بانگەشانەی بەرە خۆی بەناوی تورکمانەوە ئەیکات یەکێك لەئامانجە ستراتیژیەکانی ئەوەیە کورد بگەیەنێتە ئەوبڕوایەی هەمووتورکمانەکان لەچوارچێوەی بەرەدا ببینێت , بەرە بکاتە خاوەنی دۆزی ڕەوای تورکمان و هەموو ئەو داوانەی هەیانە بۆئەوەی بەئارامی وئازادی لەولاٌتەکەدا بژین , لەکاتێکدا واقعەکە وانیە , نەبەرە ئەو متمانەی ناوخەڵکی تورکمانی هەیەو , نەچانسی

دروستکردنیشی هەیە بەو ئاسانیە گەربێت و زەمینەی لـەباریان بۆنەرەخسـێنرێت لەلایـەن ئەوهەڵەشـەییەوە لەکـەرکوکا بەناوی نەتەوەچێتی ئیتنیکە جیاوازەکانەوە ئەکرێت . خۆش بەختانە سیاسەتی رەسمـی کـورد ئـەم پاسـاوەی نەداوەتـە دەست بەرەوە , بەلاَم ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کۆمەڵێك هەڵەیش بەناوی کوردەوە نەکراوە , هەڵەی لەو جۆرەی کەئەم هێـزەو هەمووئەوانەیش ئەیانەوێت گەلی تورکمان بکەنە کێشەیەك بەرامبـەر داوا مێژوییـەکانی کـورد لەکـەرکوك بەگـەورەترین ئاواتی بخوازن . لەئاستی شەقام و لای ئەوانەیش کەلەبواری نوسین ورۆشنبیریدا کارئەکەن هەندێك هەڵـە ئـەکرێت رێـك وەك ئەوە وایە بیانەوێت خزمەتێك بە بەرنامەکانی بەرە بکـەن , هەمووئـەو هەولاَنـەی لەکـەرکوك وناوچـە تـازە ئـازاد کراوەکان بۆترس وتۆقاندنی خەڵکی غەیرە کوردی ئەو ناوچانە دراوە وەك پێشکەش کردنی دیاریەك وابووە بـەم تاقمـە , چونکە لەبنەرەتدا ئەوان بۆئەوە هاتون تالەرێگـەی دروست کردنـی تـرس لـەکوردەوە هـەمووتورکمان سـازبکەن لـەدژی خواستەکانی کورد لەوناوچەیەدا . خەڵکانێکی زۆریش بەناوی کوردەوە ئـەم ترسـەیان پێشـکەش کـردن لەسـەرەتای ئـازاد کردنی ئەو ناوچانەدا , ئەمەش بە تالاَنکردنی سـامانێکی زۆری دەوڵـەت وخـەڵك و نیشـاندانی وێنەیـەکی زۆردرندانـەو تالاَنچیانەی کورد کەهەمووی بۆپرکردنی گیرفانی کۆمەڵە کەسێك بوون , لەکاتێکدا کـورد پێویسـتی بەسیاسـەتی دڵنیـا کردنەوە هەبوو , پێویستی بەنیشاندانی ئارەزوی پێکەوەژیانی یەکسانیانە هەبوو نەك دروست کردنی ترس .

کەرکوك شارێکی فرەئتنیکە , لـەدۆخی ئـالۆزی ئیتنیکیـدا مـرۆڤ لـەرێگای شوناسـە ئیتنیکیەکەیـەوە مرۆڤبـونی خـۆی ئەسەلمێنێت , هەرکاتێکیش شوناسـی کرایـە بابـەتێك بۆکێشەسیاسـیەکان ئـەوا ئامادەیـە زۆربەسـاکاری دەسـت بداتـە ئەوشەرەی کەبە(( شەڕی ئەهلی )) ناسراوە , مەترسی شەڕێکی وایش هیچ لایەك ئەوەنـدەی کـورد لێـی زەرەر مەنـد نابێـت مادام ئەیەوێت ئەوشارە بەشێك بێت لەکوردستان , لەدۆخێکی وادا هیچ شتێك ئەوەندەی دڵنیـایی لەشوناسـە ئیتنیکیـەکان ودابین کردنی ئارامی هەموان وەك یەك پێویسـت نیـە بۆپێکـەوەژیانی ئاشـتیانە و رێگـەگرتن لەبـەردەم ئـەو هێزانـەی لەرێگای پیشەسازی ترس دروست کردنەوە پرۆژەکانیان جێ بەجێ ئەکەن .

پیشەسازی دروست کردنی ترس کە هەندێك هێزی شۆڤێنی و-- بەرە بەتایبەتی-- هەرلەسەرەتاوە بەرنامەی تایبەتیان بۆی هەبووە لە کۆمەڵێك ئاستی جیاجیا دا دەرئەکەوێت .

1- لەئاستی سیاسیدا هەموواوا رەواکانی کوردیان کردۆتە فۆبیایەکی گەورەو گران لەلای خەڵکی تورکمان وهەمیشـە بەو ئاراستەیەدا قسە ئەکەن ئەگەر ئەوان نەبن کورد بـێ هـیچ کۆسـپێك کـەرکوك دەلکێنێتـە ناوچـەکانی تـری کوردستانەوەو بەمەش غەدرێك لەمافی مێژوویی تورکمان ئەکرێت لەو ناوچەیەدا , بۆئـەم بۆچونەشـیان هەمیشـە نەخشەو بەڵگەی مێژوویی گومان لێکراو بەکارئەهێنن .

2- لەئاستی جەماوەریدا هەمووئەو هەڵەو کەموکورپیانەی لەبەرپرسە کوردەکانی ناوچەکە ئـەیبینن وئـەو شـرەخۆری وتالاَنەی بەناوی کوردو پێشمەرگەوە خەڵکێکی نەفس نزم لەسەرەتایی پرۆسەی ئازاد کردنـی کەرکوکـدا کردیـان دەیکەنە بابەتی سازکردنی ئایدۆلۆژییان بۆقوڵکردنەوەی فۆبیای کورد لای تورکمانەکان .

3- ساکارترین کێشەیەك لەنێوان دووهاولاَتی تورکمان وکوردا روبدات ئەوان وەکو کێشـەیەکی نەتـەوەیی ئـەیبینن , کۆمەڵێ: نمونەمان هەیە کەچۆن بەرە بەعەقلیەتی (( أنصر اخوك ظالما أو مظلوما ))کاری تیاکردووە . لەم کەشە گرژەدا نەتەوە پەرستی ئیتنیکەکانی تری ناوچەکە یارمەتیەکی تر بووە بۆئەو ترس دروست کردنـە ی ئـەم هێزە پێویستیان بووە , ئەگەر ئـەو دەزگـا ئیداریانـەی لەشـارەکەدا هەیـە وریـا نـەبن لەسـەر چارەسـەرکردنی یاساییانەی کێشەکان ئەوا ساکارترین گرفتێك بەسە بۆئەوەی بکرێتە سەرەتای دەسـت پـێ کردنـی ئاژاوەیـەکی گەورە .

لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد وەکو پێویست نەیتوانیوە دڵنیایی لەلای گەلی تورکمان دروست بکات ونـەهێڵیت ببنـە گۆشـکراوی پیلانەکانی بەرە . ئەمرۆ لەهەموو شتێك زیاتر کورد پێوستی بەستراتیژی دڵنیاکردنەوە هەیە . دروستکردنی بروایـەکی وا

لای گەلی تورکمان کەئەوانیش هاووڵاتیەکی کوردستانین وهیچ هەڕەشەیەك نابێت لەبەردەم ماف وئازادیەکانیانا لەهەرشتێك پێویستترە بۆئەو پێکەوە ژیانەی کەدەبوایە پێش گەڕانەوە بۆکەرکوك کورد بەرنامەی دورمەدای بۆی هەبوایە . گەمەی خۆبەنوێنەر زانینی شوناسی تورکمانەکان بەتەنها بەم تاقمە خەڵکە ناکرێت ئەگەر لەواقعەکەدا کۆمەڵێك بیانوونەدرێتە دەستیانەوە , لەناو تورکماندا خەڵکێکی زۆرهەیە پێکەوەژیانی کوردی زۆرلەسیاسەتەکانی بەرە پێ باشترە , برێکی زۆری تورکمانی دەوڵەمەندو خاوەن پێگەو بەرژەوەندی ناوشاری کەرکوك بێزاری خۆیان ناشارنەوە لەهەوڵە گێرەشێوێنیەکانی ئەم تاقمە , کەهەموئەمانە بنەمای باشن بۆدروست کردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان تورکمان وکوردو نەتەوەکانی تری کەرکوك.

توندڕەوی نەتەوەی وتوندڕەویش بەگشتی پێویستی بەترسی بەرامبەر هەیە بۆ نیشاندانی پێویستی بونی خۆی , بەرەیش زیرەکانە کاری بەم پرەنسیپە کردووە , ئەوان یەك چرکەی گونجاو لەدەست نادەن بۆ قوڵکردنەوەی ئەوترسەی کەبەردەوام ئەیانەوێت کەلێنی نێوان تورکمان وکوردی پێ فراوان کەنەوە . تائێستایش زۆرماوە کورد بیکات بۆئەوەی دڵنیای پێکەوەژیان لای گەلی تورکمان وئیتنیکەکانی تری کەرکوك دروست بکات , کەلەکاتێکدا دروست کردنی ئەم دڵنیاییە زۆر زەحمەت نیە بۆکورد . چونکە :

1- تورکمانێکی زۆرهەیە بڕوای وایە هاوبەشی و پێکەوە ژیان لەگەڵ سلێمانی وهەولێر خۆشترو بێ کێشەترە بۆیان تاتکریت وڕومادی دیالە... . بەحوکمی ئەو بارودۆخە ئەمنی و ئابوری وکۆمەڵایەتیەی ئێرەی لەناوچەکانی باشورو ناوەڕاست جیاکردۆتەوە .
2- لەناوتورکمانا نوخبەیەکی خوێندەوارو ڕوناکبیرهەیە کەپشتگیری ئەم پێکەوەژیانە ئەکات وهەمیشە ئەوانە باشترین هاوکارو هاوپەیمانی کورد ئەبن بۆدروست کردنی دڵنیایی پێکەوەژیان .
3- ئەکرا دەزگایکولتوری ومەدەنی بۆبەهێزکردنی ئارەزوی پێکەوە ژیان دروست بکرایە , وەك چۆن دەزگای ڕۆشنبیری کوردی دروست بووە هەروا پێویست بوو دەزگای ڕۆشنبیری(( کەرکوك )) یش دروستبکرایە بۆبایەخ دان بەکولتوری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە کان.(( مەبەستم دەزگایەکە بایەخ بەفەرهەنگی هەموونەتەوەکان بدات ))

لەبەرئەوەی کورد ئەیەوێت کەرکوك بەشێك بێت لەکوردستان ئەوا خەڵکەکەیشی بەهەمووجیاوازیەکانیانەوە دەبێت هەستێکی وای لادروست بکرێت کەهاوڵاتیەکی کوردستانین , ئەمەش هەربەگوتاری ڕاگەیاندنەکان ناکرێت بەڵکو بەرنامەی ئابوری وڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی جدی ئەوێت . کەس هێندەی کورد لەئاژاوەو نائارامی کەرکوکدا زەرەر مەند نابێت نەك هەر لەبەر ئەوەی ئەو میلەتانەی تر کە پێویستە لەبرایەتی و هاوبەشیا بین لەگەڵیانا ئەبنە نەیارت بەڵکو ئەو ئاوارانەیش تائێستا دوودڵن لەگەڕانەوە یان گەڕاونەتەوەو لەبارودۆخێکی ناجێگردا ئەژین ئەوانیش ناتوانن ژیانی ماڵ ومنداڵی خۆیان بخەنە مەترسیەوە , دوای ئەو چەندساڵەی ڕاوەدونانی بەعس ئێستا ئاسان نیە جارێکی تر بگلێنە کێشەیەکی ترەوە . باشترین پشتیوانی پێکەوەژیانی کوردی – تورکمانی ئەو هێزەتورکمانانەن ئامادەی پێکەوەژیانن وەك کوردستانیەك لەگەڵ کوردا , بەڵام ئەمانە تائێستا نەبونەتە خاوەن بنکەی جەماوەری گەورە بەبەراورد بەهێزەکانی تری ناو بەرە , هاوکاری کردنی ئەم هێزانە بۆئەوەی بەرەکە لەژێر پێی بەرە دەرکێشنەوەو وەك هێزی تورکمانی کوردستانی بکرێنە خاوەن دامەزراوەی ڕاگەیاندن وسازکردنی جەماوەری گەورە ئەرکێکی گرنگی حکومەتی هەرێمەو تائێستا وەکو پێویست نەکراوە , لەکاتێکدا کەئەوانیش وەکو هەمووئەو حیزبە کوردستانیانەی تر مافی خۆیانە بوجەیان لەسەر حکومەتی هەرێم هەبێت و هەمان ئەو مافانەیان هەبێت کەحیزبەکانی تر لێی بەهرەمەندن . من بیگومانم ئەگەر کورد بیانوی گونجاو نەداتە دەست بەرەوە ئەوا ناتوانێت هەمووئامانجەکانی بێنێتە دی و بەتێپەڕینی ڕۆژیش بەرەو لاوازی

ئەچێت , چونكە ئەوان هەمیشە لەكاتی قەیرانەكانا گەورە بوون , هەمیشە هەناسەی گەشە كردنیان لـەدرزی گرفتـەكانی كوردستان وكێشەی كەركوكەوە هەڵمژیوە نەك ئەوەی ڕەگێكی مێژوییان هەبێت یان ڕوخسارێكی قبوڵ كراوی ناوتوركمانبن .